Peyam

ژمارە (٦٦) یەك شەممە ١٩ی سەفەری/ ١٤٣١ ٣ی ڕێبەندانی ٢٧١٠ ٢٠١١/١/٢٣

گۆڕە

پێویستە ڕوونبێتەوە: کێ غەمخۆری وڵاتە؟

سەرنووسەر

ماوەیەکە، (کە بە ئەنقەستیش لە قەبارەی خۆی گەورەتر کرا) کەمە نوسیکارو ڕۆژنامەڤانێك ئیمزا خڕ دەکەنەوەو دەنووسن، بۆ ئەوەی دەنگی جیاواز نەمێنێتو، حورمەتی مزگەوتو مینبەر بشکێنن، هەندەك ڕۆژنامەش، کە دیارە (خەون پوکاوەکان) لەپشتیانەوەن، لە ئەنتەرنێت بێت، لەسەر جادە بێت، لە کۆڵانەکان بێت، بابەتی دژی مامۆستایانی ئایینی کۆدەکەنەوەو، بڵاوی دەکەنەوە، ئەوەی سەیرە خۆیان هەندە موهیم پشیانە دەن، کە ئەوانە غەمخۆری کوردستانن‌و، پێویستە ڕێگیری لە خوتبەی مزگەوتەکان بگیرێت، بۆ ئەوەی ئەزموونی هەرێمی کوردستان تێك نەچێت، (وەك مەزهەر خالقی دەڵێت: بەڕاستی سەیرە) دڵسۆزترین کەسانی ئەم وڵاتە تۆمەتبار دەکرێن.

ئەوەی گرنگە بزانین کێ دڵسۆزی کوردستانە؟ ڕۆژنامەیەك دژی مەلا دەنووسێت، بابەت دژی مزگەوت براو دەکاتەوە، کەچی مەلا بابەتی لۆ دەنووسیتو، تەلەفۆنیشی لۆ دەکات، لەوەڵامدا پێی دەڕێت: بۆتان بڵاوناکەینەوە، کەچی سووریشە لەسەر سوکایەتیکردن بە مزگەوتو پیرۆزییەکان، ئەرێ ڕۆشنبیریو وشیاری ئەوانە لە کوێیە؟ ئەرێ ڕادیۆو ڕۆژنامە بکەوێتە دەستی ئەوانەو بەتەما بن، گەنجان وشیار بکەنەوە، دەبێ گەنجان بەرەو کوێ ببەن؟ ئەوانە ئامادە نین ڕوونکردنەوەی یەك مامۆستای ئایینیش بڵاوبکەنەوە، چونکە قەڵەمیان ئەوەندە لاوازە، ناتوانن بە قەڵەم وەڵام بدەنەوە، بۆیە مامۆستا ناچار دەبێت لە مینبەر بڵاوی بکاتەوە، ڕۆژنامەیەکی محەلی بابەت لە دژی مەلا دەنووسێت، چوار مامۆستاش بابەتیان بۆیان ناردووە بڵاوی ناکەنەوە، ئەگەر لە مینبەریش قسەیان لەسەر بکرێت، داوای داخستنی مزگەوت دەکەن، هێشتاش خەون بە کارەکانی ستالینەوە دەبینن لە دژی مزگەوت. ئەرێ ئەوانە لە کوێی ڕۆشنبیری جێگایان دەبێتەوە؟

کەواتە: هەر کەسێك، هەر ڕۆژنامەیەك، هەر گۆڤارو سایتێك، ئیشی ئەوە بێت، تەنها ئاگری فیتنە خۆش بکات، لەو کاتەی حکومەتو پەڕلەمانو سەندیکای ڕۆژنامەنووسانو، یەکێتی نووسەرانو یەکێتی زانایان داوا دەکەن، زمانی دیلۆگو لێکتێگەییشتن بەکار بێنین، کەچی ئەوان هەر زمان شڕی بەکار بێننو، بەناوی دەزگایەکی ڕۆشنبیری یان دەزگایەکی تایبەت بە ناوچەیەك بەس خەریکی جوێندان بنو، بەپارەی گشتییەوە سوکایەتی بە ئیمانی گشتییەوە بکەن، ئایا تا ئێستاش وشیار نەگەییشتۆتە ئەو بڕوایەی ئەوانە دژی دیالۆگو گفتوگۆو ئەم ئەزموونەی هەرێمی کوردستانن، چونکە جیاوازی دەبێ بۆ وشیاریو خزمەتکردن بێت، نەك دەزگای گشتی بۆ ئادیۆلۆژیای تایبەت بەکار بێت.

دڵسۆز ئەو کەسەیە هەنگاو بەرەو نزیکبوونەوە بهاوێژێت، ئێمە نووسەرو ڕۆژنامەنووسی ڕۆشنبیرمان هەیە، قسەکانی (فەرهاد عەونی، حامد محەمەد عەلی، زیرەك کەمال، ئاسۆ کەریم) کە لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان قسەیان کرد، (عەدالەت عەبدوڵڵا) لە سپێدە قسەی کرد، (ڕێبین هەردیو فەتاح زاخۆیی) لە ڕۆژنامەی ئاسۆ قسەیان کرد، چەندانی دیکەش، کە پێیان وایە دەبێ زمانی گفتوگۆ بەکار بێنین، قسەلێکخوێندن چارەسەر نییە، ئەوانە نیشانەی وشیاریانەو، غەمخۆری ئەم وڵاتەن، بە پێچەوانەوە، ئەوەی پارەی گشتی لە دژی مزگەوتو مامۆستایانی ئایینی بەکار دەهێنێت، نا دڵسۆزی ئەم وڵاتەیەو، نایەوێت هەرێمی کوردستان چیدیکە بەرەو باشتری بچێت، ئەوەندەی غەمی ئایدۆلۆژیای تایبەت بە خۆیەتی، هیچ غەمی وڵاتی نییە، بۆیە مامۆستایان دووپاتی دەکەنەوە قسە لەسەر کەس ناکەن، بەڵام ناکرێت، ئەم وڵاتەش ببێتە جوێنخانە لە دژی ئیسلامو مزگەوتو مامۆستایانی ئایینی.

چێشتە مجێورنامەی نوسەرو ڕۆژنامەوانانی سۆران...ل»٥

لێکۆڵینەوەیەك: لە ماوەی ٧ ساڵدا، ژمارەی زانایانی توێژینەوەی زانستی لە وڵاتانی ئیسلامی دوو ئەوەندە زیادی کردووە

بەپێی لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونێك کە ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی پێیهەڵساوە، دەرکەوتووە: کە ڕێژەی زانایانو توێژینەوەی زانستی لەوڵاتانی ئیسلامی لەماوەیەکی کەمدا، بەرێژەیەکی زۆر زیادی کردووە.

لە لێکۆڵینەوەکەدا هاتووە: لەوەتەی ساڵی ٢٠٠٣ وە تائێستا، لەوڵاتە ئیسلامییەکان ژمارەو ڕێژەی زانایانو توێژینەوەی زانستی دوو ئەوەندە زیادی کردووە، بە جۆرێك کە بۆ هەر ملیۆن کەسێك ٧٠٠ زانای بەردەکەوێ، ئەمە لەکاتێکدا کە تا ساڵی ٢٠٠٣ بۆ هەر ملیۆن کەسێك تەنها ٢٥٠ زانای بەردەکەوت.

شایانی باسە: ئەوەی لە توێژینەوەکە زیاتر مایەی سەرنجە، زۆربوونی ڕێژەکەیە لەماوەی تەنها ٢ ساڵی ڕابرووداو، چونکە بەر لەوە ڕێژەکە تا ئاستێك بەرزی بەخۆیەوە بینیبوو، بەڵام لەم ٢ ساڵەی دواییدا ڕێژەکە سەرسوڕهێنەرانە بەرزبۆتەوە.

قورئانە دەست نووسەکەی دایە خاصی!...ل»٩

زانایانی ئەزهەر:

توندوتیژی بەرامبەر بە مەسیحیەکان لەگەڵ دروشمە ئیسلامییەکان یەکناگرێتەوە

دوای هێرشکردنە سەر کڵێسایەکی قیبتیە گاورەکانی میسڕ لەشاری ئەسکەندەریە، زانایانی زانکۆی ئەزهەری شەریف بەکۆدەنگ ئیدانەی هەر کارێکی قێزەونی لەم جۆرەیان کردو، وێڕای کۆبوونەوەو سەردانی کردنی کەسایەتیو گەورەی ئاینی مەسیحییەکان لەوڵاتەکە (پاپا شنۆدە)، لەدەزگاکانی ڕاگەیاندنیش زانایان دوپاتیان کردەوە کە هەر کارەساتێکی ئەمنیو ناخۆشییەکی لەم جۆرە ڕووخساری ئیسلام دەشێوێنێت.

لای خۆیەوە دکتۆر موحەمەد ڕەئفەت ئەندامی کۆمەڵەی توێژینەوەی ئیسلامی لە ئەزهەر، لەچاوپێکەوتنێکدا بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن گوتی:

ئەو ڕووداوەی بەردەم کلێسای (قدیسین) کارێکی گێرەشێوێنی ترسنۆکانەیەو، دوورە لە هەموو دابێکی ئاینی، بەتایبەت ئاینی پڕ لە نەرمیو سۆزی ئیسلامی.

هەروەها باڵوێز موحەمەد ریفاعەی وتەبێژی فەرمی ئەزهەر گوتی: ئەزهەر بە هەموو دەزگاو دامەزراوەکانیەوە ئیدانەی ئەم کارەساتە دەکات‌و، بە هیچ جۆرێك ناشێ کەسێك کە موسڵمانێکی کاملۆ عاقڵ بێت کاری وابکات‌و پێی ئاسایی بێت.

لای خۆیەوەیش ئیبراهیم نەجم، ڕاوێژکاری موفتی میسر بۆ کاروباری ڕاگەیاندن، ڕایگەیاند: کە لە خوێندارییو کوشتنی بەناهەقدا، ئاینی پیرۆزی ئیسلام جیاوازی نەکردووە لەنێوان ئاینزاکانو، خوێن هەر خوێنەو، مرۆڤ هەر مرۆڤە لەسەر هەر ئاینێك بێت‌و، پاراستنی گیانو سەلامەتیو ئاشتی پێگەو داخوازی سەرەکی ئیسلامە.

گۆرانیبێژێکی موسڵمانبووی ئەمەریکی:

بەختەوەری ڕاستەقینەم تەنها لەئیسلام ناسیوە

گۆرانیبێژی (ڕاپ)ی ناوداری ئەمەریکی (ناپلیۆن) کە خۆی ناوی (شاپیز)ەو، ٩ ساڵ بەر لە ئێستا موسڵمان بووەو وازی لەگۆرانی گوتن هێناوە، دوێنێ دووشەمە ڕێکەوتی ٢٠١١/١/١٠ لەئەمستەردام بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕایگەیاند: وێڕای ناوبانگو جەماوەرو پارەو کۆشکی زۆرم بەهۆی کۆنسێرتو گۆرانیەکانم لەسەردەمی بەر لەموسڵمان بوونم، بەڵام ئێستا دوای تێپەڕبوونی ٩ ساڵ بەسەر موسڵمانیەتیم، هەست بە ئارامیو دڵخۆشیەکی بێ ئەندازە دەکەم، کە تەنها ئیسلام پێی بەخشیوم.

هەر لەدرێژەی قسەکانیدا گوتی: وامەدزانی ئارەزووبازیەکانی دونیا خۆشیو بەختەوەریە، بەڵام ئێستا لەخۆشی ڕاستەقینەدامو، هەست بەڕێز گەورەیی خۆم دەکەم.

شایانی باسە: ئەم لەوەتەی موسڵمان بووە، ناوی خۆی کردوەتە: (موتا یاسین شاپیز)و، لەجیاتی گۆرانی گوتن ئێستا وەك بانگخوازێك بە وڵاتانی دونیادا دەگەڕێتو، وتاری ئاینی پێشکەش بە موسڵمانان.

سوودەکانی پرتەقاڵ

بەخششەکانی پەروەدگار زۆرن لەسەر زەوی لەخواردنو خواردنەوە کە لەژمارە نایەن وەکو قورئان ئاماژەی بەم ڕاستییە کردووە کە دەفەرموێت (وَإِن تَعُدُّواْ نِعْمَةَ اللّهِ لاَ تُحْصُوهَا إِنَّ اللّهَ لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ) ڕوونو ئاشکرایە کە هەمووی بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی فەراهەمکراوە، بۆ ئەوەی ئادەمیزادو تەنانەت گیانلەبەرانی تریش سودی لیوەرگرینو پاشانیش سوپاسی خوای لەسەر بکەین.

جا یەکێ لە بەخششانە پرتەقاڵە کە میوەیەکی زستانەی خواکردەیەو لە تامو ڕەنگو بۆنو پێکهاتەدا زۆر جیاوازە لەتێکڕای میوەکانی تر، وەکو لە لێکۆڵینەوەکان دەرینخستوە کە چارەسەرە بۆ چەندان نەخۆشیو دەردو بەلا لەوانە:-

١- ئازاری سنگو کۆکە کەمدەکاتەوەو جگەر بەهێز دەکات‌و سوڕی خوێن چالاك دەکات‌و ڕوپۆشی ناوەوەی ڕیخۆلەکان پاك دەکاتەوە.

٢- خواردنەوەی ئاوی پرتەقاڵ تێکەڵ بە ئاوی لیمۆ لاشەی مرۆڤ دەپارێزێ نەخۆشی پێست‌و زۆر لە پەتا زستانییەکان.

٣- خواردنی پرتەقاڵ هۆکارێکی گەورەیە بۆ پاراستنی مرۆڤ لەقەڵەوی‌و پاڵپەستۆی خوێن کەمدەکاتەوەو ئێسك‌و ددانەکان بەهێزوپتەو دەکات.

٤- تەنانەت توێکلەکەشی زۆر بەسودە بۆ نەخۆشی ڕژماتیزم بەوەی لەسەر شوێنە بەئازارەکە دابنرێت.

سەرنجێك دوای نیشاندانی ئەم هەموسودانەی پرتەقاڵ، کەچی بۆ ئەو کەسانەی برینی گەدە (قرحة معدة) یان هەیە پێویست خۆیان لە زۆر خواردنی ئەم میوە بەسودە بپارێزن.

بەریتانیا: ساڵی ڕابردوو زیاتر لە ٥٣٠٠ کەس موسڵمان بوونە

بەپێی توێژینەوەیەکی زانکۆی سوانزی بەریتانی دەرکەتووە تەنها لەساڵی ڕابردوو لەوڵاتی بەریتانیا ٥٣٠٠ کەس موسڵمان بوونی خۆیان ڕاگەیاندووە.

بەپێی توێژینەوەی ئەو زانکۆ بەریتانییە کە لەهەرێمی وێڵزی بەریتانی ئەنجامدراوە، دەرکەتووە هاوڵاتییانی بەریتانیا بەچڕی بەرەو ئایینی ئیسلام دێنو بیرو باوەڕی خۆیان دەگۆڕنو دەبنە پەیڕەوی ئایینی پیرۆزی ئیسلام.

توێژینەوە بەریتانییەکە ئاماژە بەوە دەکات لەساڵی ٢٠١٠ زیاتر لە ٥٣٠٠ کەس موسوڵمان بوونەو زۆربەی ئەوانەش کە موسڵمان بوونە، ڕووبەڕووی ڕەخنەی توندو کێشە بوونەتەوە بەتایبەتی لەلایەن خانەوادەکانیانەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا چاودێرانی ئیسلامی لە ئەوروپا ئاماژە بەوەدەکەن کە ژمارەی ئەوانەی موسڵمان بوونە لەساڵی ڕابردوو زۆر زیاتر بێت لەبەریتانیا لەبەرئەوەی ئەوە ئامارێکی فەرمی کۆکراوەی دەزگاو سەنتەرە ئیسلامییەکان نییە، چاوەڕێش دەکرێت لەساڵی ٢٠١١ ژمارەیەکی زیاتر موسڵمان بوونی خۆیان ڕابگەیەنن، ئەوەش بەهۆی ئەوەی تەنها ئایینی ئیسلامە ئەو بۆشاییە ڕوحیو دەروونییانە پڕدەکاتەوە کە هاوڵاتییانی وڵاتانی ئەورووپا پێوەی دەناڵێنن.

زانایەکی ئاینی: دروست نییە دوعای گشتی لە شوێنکەوتوانی هیچ ئاینێك بکرێت

کەناڵی ئەلعەرەبیە ڕۆژی ٢٠١١/١/٨ بڵاوی کردەوە، کە زانای ئاینی ناوداری وڵاتی سعودیە، شێخ عەبدولعەزیز ئەلفەوزان، لەسمینارێکدا کە لەو وڵاتەدا سازکرابوو، گوتی: دوعاکردن لەشوێنکەوتووانی هیچ ئاینێك جائیز نییەو، دەقێك نییە لە قورئانو فەرموودەیشدا کە ئەم کارە بەدروست دابنێ، بەڵکو دەبێ موسڵمانان داوابکەن کە خوا ڕێنمونیان بکات.

هەر لەم بارەیەوە شێخ ئەلفەوزان لەچاوپێکەوتنێکی کەناڵی ناوبراو گوتی: موسڵمان بە دوعاکردنی لە ئاینزاکانی دیکە، جوانیو لێبوردەییو بەیەکەوە ژیانی ناو ئیسلام دەشێوێنێو، ستەمێکیشە لەئاینزاکانو کەمینەکانی وڵاتانی موسڵمانان.

شایانی باسە: شێخ عەبدولعەزیز بن فەوزان ئەلفەوزان، زانا و کەسایەتییەکی ناودارەو، ئەمە جگە لەوەی کە ئەندامی ئەنجومەنی دەستەی مافی مرۆڤی وڵاتەکەیەتی، لەهەمان کات مامۆستای زانکۆی موحەمەد بن سعودی ئیسلامیەو، وانەی فیقهیش ئەداتەوە لە پەیمانگای باڵای دادوەری.

بەشی کوردی تەلەفزیۆنی سەحەر ڕاپۆرتێکی کۆن زیندوو دەکاتەوە

بەشی کوردی تەلەفزیۆنی سەحەر ڕاپۆرتێکی بڵاوکردەوە، کە تێیدا میوانداری چەند کەسایەتییەکی کوردستانی کردبوو، لەوانە مامۆستایانی ئایینیو چەند نووسەرو کاربەدەستێکی وەزارەتەکان، کە تێیدا باسیان لە ڕۆڵی زانایانی ئایینی دەکرد، گوایە لە دۆخێکی زۆر خراپ دەژین لەکوردستانی ئێراق، ئەوەی جێگەی سەرنج بوو، چەند جارێك ئەوە دووبارە دەکرایەوە، کە یەکێتی زانایان هێشتا دوو پارچەیەو نەبۆتەوە یەك ڕێکخراو، بەمەش ئەوان پاشکۆی حزبەکانن، هەر پارچەیەك لەلایەکەوە، ئەم قسەیەی تەلەفزیۆنی سەحەر دوای

بۆ ل١١